# ئەو سێوەی دایکیشم بە خواردنی گوناهباری کرد م

کازیوە سالح

من لیـّرەدا وا دەگوزەریـّنم، گەرچـی تـەنها هەنوکە باوەرِم بەوە هیـّناوە، لەم زەمەنی تەکنەلۆژیاو پیـّشکەوتنەدا. هیچ کچیـّک بەهاو نرخیـّک بۆ ئەو "ترس"ە دانانیـّت کەسەرتاپای منی تەنیووە.

ئـەوەتا بیّ سلـّەمینەوە، لە هیچ ئارەزوویەک خۆیان بیّ بەش ناکەن و ئازایانەش یاداشتی دەکەنەو بۆ دایکیانی دەگیـّرنەوە ئەوانیش بەچاوی گەورە گویـّیان لیّ دەگرن و لیـّیان دەنوارِن.

بـەلاّم ئەو برِوای نەکرد گووتی "ئەوە کەی لە زەمەنی ئەندازە تیـّکشکاوەکاندا بەرجەستە بووە، ئەویّ لیـّرە ناچیـّت لەویّ ترس تەنها لەووشەکە خۆیەتی کە (ترسە) ".

ویسـتم ئـەمجارەیان ووشـەکانم کـۆ بکەمـەوە و زوتر بلیـّم "کویّ" کەچی بواری نەدام هەر خیـّرا بە دوایدا گووتی :

- ئەویـّندەر هەمیشـە نرخـی مـرۆڤ لـە گەل کردەوە هەنووکەیەکانیدا دەگرن. ئەویّ ی کراوە و ئیـّرەی داخراو. حیکمەت بە ئەزموونی وتیان دەبەخشیـّت.

هـەولّم دا هەنـدیـّک بواری میـّشکم بداو، لەو ئەویّ یە نەپرسم بەلـّکو تەنها ئەو دەستە واژەیە، بە نوسراوە سوواوەکانی سەر دیوارەکانی ئیـّرە بەراورد بکەم. بەلاّم هەر زوو هەلـّی دایە گووتی :–

– هەربـۆیە دایکان گویّ دەگرن و لەو هەنوکەییانە پەشیمانیان ناکەنەوە. ئەزموون بەحیکمەتی ژیان دیـّنە ژمـاردن، گەرچـی ئەزمـوونی دۆراویش بیـّت، بەبیّ ئەوەی جلـّەوگیری ئەو ئیستایە بن. داهاتووشی لەسەر رووی ئاویـّنە بیّ گەردەکان دەخویـّننەوە بەبیّ دەستە واژەی دەست کردو تۆقیـّنەر.

"ئـەم رستەیەی دوایی تووشی سلـّەمینەوەی کردم، تەزوویەکی سارد ختوکەی پشتی دام، چەندە ویستم ئەو خەونـەم بیرنەکەویـّتەوە کە ئەو شەوە بینیم. بەلاّم بەخۆم نەبوو گەرِامەوە بۆ خەوەکەی ئەویّ ی منالـّی.

ئـەو خەونـەی تـەنها دوو رۆژ بەسەر (بالـّق) بووندا تیّ پەرِی بوو بینم لە خەوندا چووبومە حەوشەی پشتەوەی قوتابخانەکەمان. کە ئەوی تەنها یەک دووبن درکی گەورەی لیّ رووابوو چەند تەپە پیسی مرۆڤ و سـەگەکەی تـیـّدا کەوتـبوو، ئەو سەگەی هەمیشە لەپشتەوەی قوتابخانەکەدایە و ئەلـّی ی بەرِیـّوەبەر بە چـاودیـّر دایـناوە، نەک لە ئاسمانەوە نیـّرینەیەک خۆی بهاویـّتە نیـّو قوتابخانەکەو لەگەل ئەو کچانەی کە بەرِیـّـوەبەر نەیدەهیـّشت مامۆستای پیاوی گەنجیش وانەیان پیّ بلـّیـّتەوە ژوانیـّک ببەستن. هەر گویّ قولاّغ و چاو بز بە هەر چوار لادا دەینواری.

منـیش لـە ترسـی سـەگەکەو کچـی باشـیـّکیش کـە هەوالـّـی لای بەرِیـّـوەبەرم لیـّی بدات هەموو جەستەم هەلـّنیشـتبوو لـە عارەقیـّکـی سارد، دەترسام دوایی هەتا ئیـّوارە بلـّیـّم هاتووم لە دواوە سەیریـّکی (تەنورە) خۆلـّەمیـّشـیـّکەم بکـەم بـزانم پەلـّەیـەک خـویـّنی نەگـرتووە. باوەرِم پیّ نەکات وببم بە جیـّگەی پیـّکەنین و سـەرەنجی هاوەلـّـەکانم. دلـّنیا بووم پارِانەوەم گویّ ی ئاسمانی کەرِ بکردایە نەک جاریـّک هەزار جار رازی خـۆم یاداشـت کـردایە بەرِیـّوەبەر باوەرِی پیّ نەدەکردم، گەر بزانیّ گەشتووم بەو حەسارەی کەدیوارەکەی دوو مەتـر چـووە بـە ئاسمانـاو تەنها پەلـّە هەورەکان و سەگە سپیم لیـّوە دیارە. بۆنی پیسایش کەپووی قـانگ داووم، هەرگیـز وا تـیّ ناگـاو متمانەشم پیّ ناکات. بۆیە لە دلـّدا دەپارِامەوەگەر پیّ ی زانیم هەر لە خۆرسک و خیـّرا (تەنورەکەم) یەک دوو پەلـّەی سوور بگریـّت و بۆ ئەوەی بزانیـّت ئەو مەبەستە گەیاندوومی بـە ئـەوی، جاریـّکی دیش تووشی گومان و دلـّە رِاوکی دەبووم ودەترسام ئەو کاتیش نهیـّنیەکەم نەپاریـّزی و بنیـّـریـّت بەشویـّنی دایکماو هەموو شتیـّکی تیّ بگەیەنیـّت. ئەی ئەو خویـّندکارانەی کە هەمیشە بەدەورو پشتی ژووری بەرِیـّـوەبەردا دیـّـن و بـەدوای هەرشتیـّکدا دەگەرِیـّن لە پیـّناوی نمرەیەکدا دە ئەوەندەی دیشی بخەنە

www.kurdistannet.org

